www.kurdistannet.org
16-10-2006 7:41 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کەژاڵ ئیبراهیم شاعیرێک لەجوانی و خۆشەویستی ... ئامادەکردنی: دیلان



کەژاڵ ئیبراهیم خدر لەساڵی 1968 لەشاری قەڵادزێ لەدایك بووم خوێندنی ئامادەییم تەواو کردووە دواتر بەهۆی ڕاگواستنمان بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی خەبات لەساڵی 1989/6/26نەمتوانی درێژە بەخوێندن بدەم ژیانی هاوسەریەتم پێکەوەناوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس (ڕێبوار محمەد یوسف) خاوەنی سێ منداڵم بەناوەکانی (نامرێ، نواڵە، داریاس)

** لەکەیەوە تێکەڵاوی ژیانی نووسین بوویت؟

■ لەساڵی 1987ەوە دەستم داوەتە بواری نوسین سەرەتا بەشعرو چیرۆکی منداڵان دەستم پێکردووە، دواتر ڕووم لەجیهانی شعر کردووە هەرچەندە یەکەم جار هەندێك شعرم نووسی بەڵام پاشگەزبوومەوە دواتر لەساڵی 1988 ەوە خەریکی شعر نووسین بووم.

**بۆ دواتر دەستت دایە بواری شعر؟

■ شعر نووسین هەروا کارێکی زۆر ئاسان نیە چونکە دنیایەکە لەخەم و خەیاڵ و ئەندێشە و خۆشەویستی، هەرچەندە بەهۆی دەرچوونی گۆڤارو ڕۆژنامەکانەوە برەوم زیاتر بەخوێندنەوەداو خۆشم لەزمانی کوردی زۆر زیرەك بووم و شارەزایم پەیدا کرد دواتر خۆشەویستیش زیاتر نزیکی کردمەوە کەبتوانم شعر بنوسم بۆیە تۆ ئەگەر بتەوێت ڕێچکەیەك بگریتە بەر دەبێت جیاواز بیر بکەیتەوە لەدەربڕینی هەست و هۆشت، شیعریش خۆ خواردنەوەی ناختە تێکەڵاوبونە لەگەڵ خەم و ئازارەکان کەخۆشەویستی پێتدەبەخشێت لەگەڵ ئەو زەمەنەی تێدا دەژیت.

**پێت وایە لەم جیهانە شیعریەدا سەرکەوتوو دەبیت؟

■ تۆ ناتوانی هەرلەخۆرا گرەنتی ئەو سەرکەوتنە دیاری بکەیت، زۆرجاران کانیش ووشك دەکات یاخوود لەشەرگەیەکدا لەهێرش و پەلاماردا شکست دێنیت. جیهانی شعر ئەو جیهانە بەرفراوانەیە کەم کەس دەرەقەتی دێت من تاکوو ئێستا لەگەڵی بەردەوامم و ئەگەر پێشم نەماو نەم توانی درێژە بەو ڕێچکەیە بدەم ئەوا هەر زوو وازدێنم و شەریشی پێ نافرۆشم.

**ماوەیەکی زۆرە لەرۆژنامە و گۆڤارو سایتەکان شعر دەنوسیت و ناوێکی دیارت هەیە ئەمە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟

■ یەکەم بۆ ئەو سەربەستیەی کە لەژیانی هاوسەریەتیدا پێم دراوە. چونکە ڕێگری لەورووەوە بۆمن دروست نەبووە. دواتر توانیومە لەرێگەی شعرەکانمەوە خۆشەویستی ببەخشمەوە، نەك ئازاری خەڵك بدەم. من بەشعرەکانم کەبڵاوکردۆتەوە چەندەها ئاشقم بەیەك گەیاندووە زۆرجاران سوپاسیان

کردووم لەوبارەیەوە کەمن بوومەتە هاوکارێك لەرێگەی شیعرەکانمەوە بۆ بەیەك گەیشتنیان. لەم ماوەیەدا وەزیرێکی پێشووی حکومەتی هەرێم حەز ناکەم ناوی بهێنم، تەلەفوونی لەگەڵ کردم ووتی: شیعرەکانی تۆم بۆخۆشەویستەکەم بەناوی خۆمەوە ناردووە ئەویش بەوشعرانە رازی بووە کەبۆم نووسیووە ئێستا هاوسەری یەکین ووتیشی چ پاداشتێکت دەوێت پێتی ببەخشم منیش سوپاسم کرد ووتم ئەو پێزانین و هەڵوێستەت بۆ من مایەی سەروەرییەو ئەوەش گەورەترین پاداشتە بۆ من.

**لەکۆڕو فستیڤاڵ و بۆنەکاندا دەرناکەویت ئەمە هۆکاری چییە؟

■ من خۆم هەر دوورە پەرێزم لەژیانی تێکەڵاوبوندا لەگەڵ دەوروبەرو کۆمەڵگا، هەرچەندە زۆر زەرەریشم کردووە بەڵام ئەم هەڵوێستەم باشترە من نامەوێت رەنگ رووم دەربکەوێت و لەنزیکەوە بەشان و باڵامدا هەڵبدەن، حەزدەکەم شعرەکانم بگاتە خەڵك ئەوان ببنە زمانحاڵی من و بەناوی منەوە هەموو شتێك بڵێن.

**زمانی شعریت زۆرجیاوازە لەشاعیرەکانی تر ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

■ من نامەوێت فەلسەفانە شعر بنوسم و خوێنەر تێی نەگات دەمەوێت راستەوخۆ لەگەڵ ناخی خوێنەردا سادەو ساکارانە بدوێم و حەزدەکەم هەر زوو باوەش بۆشعرەکانم بکرێتەوە. شعرەکانم زۆربەیان کۆپلەی بچووکن هەرزوو مانا دەدەن بەدەستەوەو کەس هیلاك ناکات.

**ئایا شعرەکانت وەرگێراون بۆ زمانی بیانی؟

■ زۆربەی شعرەکانم لەرۆژنامەی ئیتحاد دا کراون بەعەرەبی کەنزیکەی 85 شعر دەبن، لەسوریا زۆریان لەسەر نووسیوم هەروەها لەلوبنان و میسریش وە لەئێران زۆربەیان کراون بەفارسی و لەم رۆژانەدا کاك رێناس لەئێرانەوە پەیوەندی پێوەکردم بۆ نووسین لەسەرشعرێکم کە چوار جاری لەسەر نووسراوە بەناوی (ووشەکانی دوای ماڵئاوایی) وە شعرێکم کراوە بەبەشێك لەشانۆگەری لەشاری هەولێر ئەمە جگە لەهۆڵندا و سویدو بەریتانیا بەشێك لەوشعرانەم وەرگێڕاونەتە سەر زمانی ئەو وڵاتانەو هەندێکی تریشیان کراون بە لاتینی وە لە رۆژنامەکانی (الزمان) و (الشرق الاوسگ) و رۆژنامەیەکی تری ڕردنی بڵاوبونەتەوە. وەلەسایتەکان بەتایبەتی لەکوردستان نێت و گزنگ زۆر ئیمێڵیان بۆکردووم و دەستخۆشیان لێکردووم و هەندێك جاریش رەخنەیان نووسیوە کەبەدڵم بوون بەچاك و خراپ، وەچەند شعرێکی منداڵانیشم کراوە بەئۆپەرێت.

**لەجیهانی شعردا زۆرجاران غیرە لەیەکتری دەکرێت تۆ لەوبارەیەوە چی دەڵێت؟

■ ئەمە بەرای من تاحەدێك رەوایەو هەقی خۆشیەتی هەرکەس بەگەزیی خۆی شیعرو باڵای خۆی بپێوێت، بەڵام ئەگەر هاتوو شاعیرەکە ووتی هەرمن ئەسپ سواری مەیدانم ئەوا بزانە رۆژێك دێت قاچی دەشکێت و لەئەدەبی کوردیشدا زۆرمان دیووە. من هیچ کارێکم بەم مەسەلەیەوە نیەو خۆم لەقەرەی ململانێی ئەو بوارە نەداوە خۆم بێدەنگ دەنووسم و خۆشم نەخستۆتە ناو شەڕی ئەم و ئەوەوە. چونکە هەمیشە رێزی خەڵکم گرتووە و ئینجا چ ئەوەی شاعیر بێت. وە خوێنەریش خۆی بریار دەدات کە چ شیعرێك بۆ ئەو گونجاوە و تام و چێژی لێدەبینێت.

**ئایا رۆژێك لەرۆژان رەخنەیان لەشعرەکانت گرتووە؟

■ چەندەها لێکۆلینەوەو نوسین لەسەر بابەتەکانم کراوە و لە چەندین رۆژنامە و گۆڤاردا تەنانەت لە نامەی ماجستێر و دکتۆراشدا شیعرەکانیان بە نموونە هێناومەتەوە وە زوربەیان هەڵسەنگاندنێکی ئەکادیمی و عادیلانەن، من کەشعرم بڵاو کردەوە ئیتر خوێنەر خۆی خاوەنیەتی، ئەو چۆنی هەڵیدەسەنگێنێت و رەخنەی لێدەگرێت کەیفی خۆیەتی وە هیچ وەڵامێکیشی نادەمەوە بڵێم ئەمە وانیە و ئەوە وایە، خۆم لەوەڵامدانەوە پاراستووە چونکە تۆ ئەگەر شعر بۆ خۆتە ئەوە دەتونی لەماڵەوە بینووسیت و بۆخۆتی بخوێنیتەوە.

**چ شعرێکت زۆر کاریگەری بەسەر ژیانتەوە هەیە؟

■ من هەموو شعرەکان لەکات وسات و وەختی خۆیاندا نوسراون شیعرەکان هەندێکی کەمیان نەبێت هەمووی باسی خۆشەویستی دەکات بۆ ناخوو ئازاری خۆشەویستەکانم نووسیووە. چەند شاعیرێك شعریان بۆنووسیووم و پێشکەشیان کردووم بۆشیان ناردووم هەمووی باسی رێزو خۆشەویستیە من مەمنونیانم هەروەها لەم ماوەیەدا شعرێکم کرا بەعەرەبی بەناوی بەدەستی خۆت قژت ببڕە (دکتۆر حکمت شبر) کە شاعیرو نووسەرێکی عێراقیە شیعرێکی پێشکەش کردم بەناوی من نامەوێت قژت ببڕم.

**کۆمەڵگا و کلتوری کۆمەڵایەتی زۆر جار زاڵە بەسەر دەوروبەردا ئایا کاریان لەسەر تۆ نەکردووە؟

■ هەرچەندە لم وڵاتەی ئێمەدا کۆمەڵگاو کلتورەکەی زۆر زاڵە بەسەر دەوروبەردا هەنگاوەکانت کز دەکات و وابەستەی خۆیت دەکات کە ئەمە زۆربەی ژیانی کۆمەڵگای گرتووەتەوە بە تایبەتی ئێمەی ژن بەڵام من هەمیشە ویستومە ئەو رێچکەی بپسێنم پێش کۆمەڵگاو کلتورەکەی بدەمەوە، وە نامەوێت ئەوان سەرپۆش بکەنە سەرم. من لەشاری قەڵادزێ یەکەم کچ بووم چوومەتە سەرشانۆ وە دەوری بەگژداچوونەوەی داب و نەریتم هەڵبژارد. من ئەگەر لەو ڕووەوە کەمتەرخەم بم لەژیانمدا زۆر زەرەر دەکەم بۆیە هەقی خۆیەتی بەتایبەتی ئەوانەی کەخزمەتی گەلەکەیان دەکەن بەگژ هەموو داب و نەریتە سوواو باوەکاندا بچنەوە.

تێبینی/ کەژاڵ خاوەنی 11 نامیلکەیە لەبواری شعرو چیرۆکی منداڵان و پەخشان چواریان بەهاوبەشی لەگەڵ هاوسەرەکەی بەچاپی گەیاندووە. ئێستا خەریکی کۆکردنەوەو چاپکردنی هەموو شعرەکانیەتی لەدیوانێکدا. دوا نامیلکەشی بەناوی بەپێنوسی ژنێکە کە (51) شعری لەخۆی گرتووە. لەم ماوەیدا دەکەوێتە بەردیدەی خوێنەران.